# پێشڕەو

# کۆوار



نامەکانی مۆبایل، سۆزێکی سارد...



کچە تاقانەکەی دایەو بابە..



چۆن دەبیتە ئافرەتێکی سەرنج ڕاکێش

کۆوار 69

کانوونی یەکەمی
2006

# د. باربرە لێك برگ

# لە ماوەی مانەوەی لە کوردستان فێری زمانی کوردی بووە



کۆوار

**د. باربرە** لێك برگ، ئافرەتێکی ئەمریکییە، ماوەی سێ ساڵە لە کوردستان لە بواری کۆمەڵگای مەدەنی کاردەکات، ئەو کە حاڵی حازر لە شاری دهۆك دادەنیشێ، تێکهەڵییەکی زۆری لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی دروست کردووە، دۆستی نزیکی نووسەرو رۆشنبیرو ژنانی چالاك و نێوەندە ئەکادیمی و پەروەردەییەکانی کوردستانە. ئەم تێکهەڵییەش وایکردووە تا ئاستێك فێری زمانی کوردی بێت و لە زمانی کوردی بگاو بە کوردی بدوێ.

د. باربرە لێك برگ، پاش ئەوەی چەندین ساڵ وەك مامۆستای دەروونناسی و دواتریش مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆکانی ئەمریکا وانەبێژی دەکات، بە مەبەستی کاری مرۆیی ڕوودەکاتە وڵاتانی لایبریا و سیرلیۆن و ناجیریا و ئۆگەندا، دواجاریش کوردستان. لەوێ هەم وەك راوێژکاری دەروونی و هەم وەك هەڵسوڕێنەری رێکخراوە مرۆیی و مەدەنییەکان رۆڵی بینیووە.

باربرە، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ (کۆوار)، باس لە رابردووی خۆی دەکات و وڵاتەکەی بیر دەکەوێتەوە، ئەو دەڵێت" **من لە دایك بووی ئەمریکام، لەوێ ساڵانێك مامۆستای دەروونناسی بووم و کارم بۆمنداڵان دەکرد، چونکێ بە کەلۆریۆسم لە زانستی دەروونني و ماستەرم لە پەروەردە هەیە، دواتریش بڕوانامەی دکتۆرام لە زانستە سیاسییەکان بەدەست هێنا، نامەکەشم سەبارەت ئاشتی نێوان گەلان بوو. بەمەش لە زانکۆکانی ئەمریکا وانەی سیاسەت و ئاشتیم دەگوتەوە، هەروەها بایەخم بە پرسی دیموکراسی و چەمك و بنەماکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دەدا**".

دکتۆرە لێك برگ، ئاماژە بە هەوڵە مرۆییەکانیی دەکات، کە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی کولتوری دیموکراتی و پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی بوونە بۆ هەمووان. وەك خۆی دەڵێت مافی زارۆکانیشی لەبەرچاو گرتووە، لەم رووەشەوە هەوڵی زۆری داوە، چونکە وەك خۆی بۆی دەچێت، منداڵ دەبێتە گەنج و گەنجیش ئایندە دروست دەکات، کۆمەڵگای تەندروست ئەو کۆمەڵگایەیە، کە تاکەکانی خاوەن هوشیاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکی ساغڵەم بن.

باربرە، بە پێویستی دەزانێ لەنێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، لە یەکترگەیشتن و نزیکبوون هەبێ، بەتایبەت بۆ کەسانی پسپۆر لە بوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، بۆ ئەوەی ئاگاداری رەوش و ژیانی سەرجەم پێکهاتەکانی جڤاك بن و لە هەر گرفت و

ئاریشەیەکدا بەتەنگیانەوە بچن و یارمەتییان بدەن.

سەبارەت بە جیاوازییە نەتەویی و رەگەزیی و ئاینەکانیش، پێی وایە دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێ ئینسانەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە تەباو هاوکاربن، یارمەتی یەکتر بدەن و دووربن لەهەر جۆرە یەکتر رەتکردنەوەو یەکتر سڕینەوەیەك، دەبێ خەباتی مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری دنیا بەردەوام بێ بۆ دروستکردنی پاشەڕۆژێکی باش بۆ گەلان و چەسپاندنی ئاشتی سەرتاسەری و داکۆکی کردن لە مافی هەژارو لێقەماوانی جیهان.

د. بار، ئاماژە بەوەدەکات هەرچەند ئەو لە زانکۆکانی ئەمریکا، کە دەرسی زانستی سیاسی دەگوتەوە زۆر ئاسودە بووە، پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ قوتابیان هەبووە، کتێبی نووسیووەو لێکۆڵینەوەی سیاسی لەسەر دەوڵەتان ئامادە کردووە، وەلێ دواجار کاری رێکخراویی کۆمەڵگای سڤیلی بەپەسند زانیووە، ئەمەش لەپێناو پێشخستنی رەوشی کۆمەڵایەتی وڵاتان، بە تایبەت وڵاتانی دواکەوتوو و تازە گەشەسەندوو.

سەرەتای کارکردنیشی لە بواری مرۆیی لە وڵاتان، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە لە رێکخراوی(OIC)ی ئەمریکی

دەست بەکار بووە، ئەم ڕێکخراوە هاریکاری ڕێکخراوە مرۆییەکانی دیکەی وڵاتان دەکات‌و پەیوەندییەکی فراوانی هەیە. بەتایبەت لە (15_16) دەوڵەتی ئەفریقا. ئەو بە کاری ئەم ڕێکخراوە چۆتە لایبیریا و سیرالیۆن‌و نایجیریا و ئۆگەنداو سەرپەرشتی چەندین پڕۆژەی پەیوەندیدار بە ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتانەی کردووە، بەتایبەت پڕۆژەی جڤاکی.

د. بار، ئاماژە بەوەدەکات لەگەڵ لایەنە پەیوەندارو چین‌و توێژە جیاجیاکانی ئەو وڵاتانە گفتوگۆی زۆریان لەسەر ئایندەی کۆمەڵگاو دیموکراسیەت‌و پاراستنی مافەکانی مرۆڤو ڕەوشی گەنج‌و زارۆکان دەکردو هانی خەڵکییان دەدا بۆ پێشکەوتن. "جگە لەمە وەك ڕاوێژکاری دەروونیش دەگەڕام‌و کاری جڤاکیم دەکرد، چونکە ئەو وڵاتانەی ناوم هێنان خەڵکێکی زۆر هەژاریان هەیە. بۆ نموونە لە سیرالیۆن، کە هەفتەیەك لەوێ مامەوە خەڵکێکی زۆری بریندارو پەککەوتەو هەژارم بینی، خولێکمان کردەوەو تا ئاستێك تێکهەڵیم لەگەڵ کێشەکانیان دروست کرد، لەوێش وەك ئێرە کێشەی ئاو و کارەبا و پێداویستی دیکەی جۆراو جۆر هەن، ڕەوشەکە باش نیە، سیستەمی خێڵەکی بوونی هەیە، عەقڵیەتی عەشیرەتگەری زۆر زاڵە، دیاردەی چەکداری دەبینرێ، گرووپی جیا جیا هەن، وەلێ کاری باش بۆ باشکردنی پرسی ئاشتی‌و مافی مرۆڤ دەکرێ، وەك بینیم زۆر لەخەڵکی کێشەیان هەیە، منیش لەهەموو بوارەکان کارم دەکرد، بە تایبەت لە بواری دەروونی‌و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان‌و مەسەلەی ژنان.



لەو وڵاتانەش هاوشێوەی کوردستان کاری مرۆیی پێویستە، بەتایبەت بۆ پێشخستنی ژیانی هەژارو لێقەوماوان‌و گەشەپێدانی ژیانی هاوڵاتییان. بەکورتی لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوەماندا کاری زۆرمان بۆ گەنجان‌و قوتابیان کرد، هەروەها چەندین کۆرسی جیاجیای فێرکردنمان لە بوارەکانی پشەسازی‌و کۆمپیوتەرو کاری دیکە کردوونەتەوە".

لەمەڕ تێگەیشتن‌و ڕاهاتنی لە جیاوازیی کولتوری‌و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانەش کە ڕووی تێکردوون، ئەو دەڵێ " بە حوکمی ئەوەی من دەروونناسم، کە دەچمە هەر وڵاتێك هەوڵدەدەم لە باری کۆمەڵایەتی‌و ترادسیۆنی ئەو گەلە زانیاری بەدەست بێنم، ئینجا هێدی هێدی بە دوای ئامانجەکانم دەگەڕێم‌و هەوڵدەدەم پڕۆژەو فیکرو تێڕوانینەکانم بەرهەمیان هەبێ".

سەبارەت بە هەوڵ‌و پڕۆژەکانیشی لە کوردستان گوتی" بۆ سێ ساڵە لێرەم، من وەك بەرپرسی ڕێکخراوێکی ئەمریکی لە کوردستانم، ڕێکخراوەکەمان کار بۆ پاشەڕۆژی کۆمەڵگای کوردستان دەکات، تا ئێستاش کارمان لەگەڵ سەنتەری خاتووزین لە هەولێر کردووە، پڕۆگرامی ئێمە کار بۆ جڤاکی کوردی‌و پرسی ژن‌و پەروەردە دەکات. لە کوردستان گەلێك دڵخۆشم، بێگومان لێرە لێکتر تێگەیشتن باشەو پرۆسەی کارکردن زۆر باش دەڕواو چەندین خولمان لە دهۆك‌و کەرکوك کردۆتەوە. لە کەرکوك بە جیاوازیی نەتەوەیی‌و ئاینیی کاری باشمان کردووە، پرۆگرامەکانیشمان ئامانجی خۆیان پێکاوە". ئەو زیاتر وتی"ڕێکخراوی ئێمە سەربەخۆیەو کار بۆ هەمووان دەکات، هەوڵدەدات کۆمەڵگا پشت بە خۆی ببەستێ، پێشم وایە لە دواڕۆژ جڤاك پێشتر دەکەوێ‌و کرانەوەی زیاتر روو لە کوردستان دەکات، چونکە کاتێك کە کۆرسەکان بەڕێوە دەبەین‌و چالاکی دەنوێنین، هەموو لایەك پێشوازیمان دەکات‌و بەرنامەکان زۆر کاریگەرن.

ئەوەی لە کوردستان جێی تێبینییە ژنان کەمتر دەردەکەون‌و کەمتر دێنە مەیدانی کارکردن، بەشدارییان لە دەرەوەو لەچالاکییەکان زۆر کەمترە لە پیاو، بەداخەوە لێرە ڕەوشی ژن گەلێك خراپە. لێرە ژن کوشتن هەیە، ڕەفتارەکان زۆر خراپن سەبارەت بە ژن، کە دیاردەی ژن کوشتن دەبینم زۆر نیگەران دەبم. زۆر کەس واهەست دەکات ژنان مافی دەرکەوتنیان نییە، لە هەندێك شوێنی کوردستان ژنان مافی ئاخاوتنیشیان پێ ڕەوا نابینرێت، بەتایبەت لە هەندێك کۆمەڵگاو گوندو ناوچە دوورەکانی شار، بەداخەوە هەندێك جار مامەڵەی حەیوانی لەگەڵ ژن دەکرێ، دەبێ خولی زیاتر بکرێنەوە، مافی زیاتر بە ژنان بدرێت، هوشیاری زیاتر ڕووبچێتە نێو خێزانی کوردی‌و کۆمەڵگا بەچاوی جیاواز سەیری ژن‌و پیاو نەکات، بێگومان کۆمەڵگا بە بەشداری‌و هەماهەنگی ژن‌و پیاوەوە پێشدەکەوێ‌و پێدەنێتە قۆناخی پێشکەوتوو".

# نامەکانی مۆبایل، سۆزێکی سارد لە جەستەیەکی مردوودا

## ( دڵی من تەختەو عیشقییش بزمارە ..... لە دووری تۆیە دڵ بە ئازارە )

رەنج

**لەوانەیە** هاوشێوەی ئەو نامەیە لەناو مۆبایلی زۆر کەسدا هەبێت، یان جار جارە کەسێك بۆت رەوانە بکاو تۆش بەپەلەیت بۆ زۆرترین برادەر بینێری، ئەوانیش وەك تۆ. ئیدی دەبێتە بنێشتە خۆشەی سەرزاران... لێرەوەیە کە پرسیارێکی گرنگ سەر هەڵدەدات: ئەو کاریگەرییە چییە و چۆنە، کە شۆڕشی تەکنەلۆژیا لەبواری گەیاندندا دەیکاتە سەر هونەر، یان ئەدەبی نامەنووسین و هەستی خەڵك، کە ئاخۆ بەڕاست هەستی مرۆ لە قۆناغی پۆست مۆدێرنییەوە وەك کالآیەکی لێهاتووە تاکو لەئاستی جەماوەرییدا ئاڵوگۆڕ و سەردانی پێ بکرێ، یان روونتر بڵێین ئایا ئێستا لە قۆناغی لەچوارچێوە گرتنی هەست و سۆزەکان داین؟!.

گومانی تێدانییە، کە شۆڕشی زانیارییەکان کودەتایەکی بەسەر تەواوی کایەکانی ژیاندا کرد، بەجۆرێك ئەو شۆڕشە رەنگدانەوەی لەسەر کارو خودی مرۆڤ بەگشتی هەیە، تەنانەت ئەو شتە لەهەستو سۆزی مرۆڤ رەنگی داوەتەوە، وەك ئەوەی کاریگەری بەسەر سەرجەم جۆرەکانی هونەرو ئەدەب و کایەی داهێنان هەبووەو هەیە.

**مۆبایل .... دیوانە شیعری ژیانی هاوچەرخ**

یەکێك لەهونەری کانە ئەدەب، کە ناسراوو خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی ئەدەبی نامەنووسینە، لەتەك ئەوەشدا ئاڵوگۆڕی نامەی نێوان ئەوانیشدا هەیە، کە هەردووکیان پڕ بوون لەهەستو سۆزی ناسكو جوان، ئەوە لە رابردوودا، ئەو دەمەی دەگەڕێنینەوە بۆ دوێنێ ... بۆ نێو پەرەموچی شاعیرو وێژەوانان، کاتێك بەسەر پەنجەرەی رابردووەوە دەڕوانینە سەر دونیای راستانە دڵداریی و ئەویناداران باڵە فڕکێییان بوو..تەنانەت لەم رۆژگارەشدا، بەلآم بەدەگمەن هەستیان پێ دەکەین، یان باشتر بڵێین ئەو داهێنانانە دەبینین، نموونەیەکی نزیك نامە گۆڕینەوەکانی (هیوا قادر و سەحەر رەسایی)ن، کەچی لەراستیدا ئەمڕۆ ئەو هونەرە جوانە روو لە پاشەکشەو لاوازیین، ئەمێستا نامەی ئەویندارانە ئەو چێژو نەشئەو سۆزەو بەهار، مانا





جوانەکانی ئەوین کەم دەکەنەوە...
خزمەتگوزاری مۆبایل‌و کورتە نامەکانی ڕێگەی ئینتەرنێت، ئەمڕۆ شاعیرو نووسەری نادیاریی خۆی هەیە، کە بە درێژایی ڕۆژ، نامەی خێرای بێ ناوەڕۆك‌و ساردو سڕو شیعری پڕ لەبێ مانایی دەهۆننەوە، ئەوە ئەو نوکتە گاڵتەجاڕیانەشیان لێ بترازێ، کە هەموویان بە یەکەوە دەمانبەنەوە بەردەم دیوانێکی هاوچەرخی دوور لەچێژی هونەری‌و ئەو چوارچێوە ڕۆشنبیری‌و داهێنانەی پێشتر باو بوو..

## خۆشەویستیی ..ئاوازە، ریتمی ژیانە

لەنێو ئەو گێژاوەدا ئەگەر خۆشەویستی وەربگرین، دوای ئەوەی بۆتە بۆنەیەکی جیهانی‌و لەرۆژژمێری ساڵیشدا ڕۆژێکیان بۆ یادکردنەوەی دەستنیشانکردووە (ڤالانتاین)، هاوکات ئەو نامە زۆر و زەوەندانە بێنینە بەرچاومان، کە ئەویندارن ڕۆژانەو بەڕێگەو شێوازی جیا ئاڵوگۆڕیان دەکەن، ئەوکات تێدەگەین ئەو ڕۆشنبیرییە نەخۆشیی هاوچەرخە، ڕۆشنبیریی نامەکانی مۆبایل‌و کورتە نامەی ئینتەرنێت چۆن‌و تا چ ئاستێك سۆزە مرۆییەکان‌و هەستە ناسکەکان‌و ئاوازەکانی خۆشەویستی بەرجەستە دەکەن؟!

خەریکە ئەمڕۆ ئەو ڕۆشنبیرییە ڕووکەش‌و هەرزەییە تەشەنە دەکات و خێرا وەك ڤایرۆس بلاۆدەبێتەوە، بە ئاشکرایی شێوە ڕۆشنبیرییەکی میللی گەنجانە وەردەگرێ..شێوەیەك کە گوزارشتە لە دابڕانێکی نوێی نێوان ڕۆشنبیریی نەوەی تازە پێگەیشتوو و ڕۆشنبیریی باو...لەکاتێکدا لە ڕابردووو گەنجان، ئەویندارن گوڵی شیعری ناڵی‌و وەفاییان لە بەرۆکی مەعشوقەکانیان دەدا، یان رەیحانەی شیعرە تەڕو ناسکەکانی فەرەیدون عەبدول‌و قوبادی جەلی زادەیان لەزولفی ئەویندارە





شۆخەکانیان دەدا..خەریکە ئێستا ئەو هەستو سۆزە کز دەبێتو هێدی هێدی چەندین سۆزی ساردو سڕی نێو جەستەیەکی مردوو شوێنیان پێدەگرن..ئەو نامانەی ئێستا گەنجە بەناو ئەویندارەکان ئاڵوگۆڕیان دەکەن..یان ئەو بڕگە گۆرانیو ئاوازە مۆسیقیانەی ئەمڕۆ بۆ یەکتریان دەنێرن هیچ گوزارشت لە سۆزێکی قووڵو ئەوینێکی دەروێشانەو خۆشەویستیەکی تەڕ ناکەن..بۆ نموونە(وەك چۆن گوێدرێژ جۆی دەوێ..دڵی منیش تۆی دەوێ)،(دڵ بۆ تۆ زۆر مەجبوورە..ماچت وەك قرپی توورە) (یارەکەم چاك بزانە..قەردت لە سەرچاوانە..نرخت بەقەد غاز گرانە)و ئەمانەو چەندین نموونەی تر، کە ڕەنگە هەر یەکێك لەئێوە دەیانو سەدان نامەی سەیرو سەمەرەی لا دەست دەکەوێت..

مۆبایل..زەنگێك بۆ مەرگی وشە!!

ئا لێرەوەیە بەهۆی ئەو ئامێرە منو مردوو و ئەو هۆشیارییە هەرزەیی و ڕۆشنبیرییە سەقەتو نەخۆشە، وشەی جوانو ناسكو گەرمو مۆسیقاو ڕاستگۆیی خۆی لەدەست دەدات، بە تایبەتیش دوای ئەوەی مۆبایل بووە تەتەرو قاسیدی ئەوین..ئەوەی زمانی کورتەنامەی ئەو سەردەمانە لە دەستی داوەو دۆڕاندوویەتی، بەتەنها خودی سەنگو مانای وشە نیین، بەڵکو هەستو سۆزو جۆشو خرۆشی مرۆییو جوانییو ژیاندۆستانەشە، هاوکات لەگەڵ خۆیدا گیانی گەڕان بەنێو باخی پەرتووکخانەو گوڵزاری دیوانو مێرگی تەڕی شیعری لای تاکەکەسو بەهۆیشیەوە چێژو سەلیقەی خوێندنەوەی کوشت..بێگومان ئەو سەردەمو واقیعەش کەئێمەی تێدا دەژین، کەتێیدا چەمکی بەکار بردن و هەژموونی ماددی بەسەریدا زاڵە، هەر ئەو جۆرە هوشیارییو ڕۆشنبیرییە ناتەندروستو نەخۆشە بەرهەم دێنێ، کە تێیدا جێگای هەستی ناسكو سۆزی سۆفیگەریو نەشئەی خۆشەویستیو چێژی ئەوین نەبێتەوە، دواجار گاڵتەجاڕی دەکات، کوشتن و غەریزەی شەهوەت شوێنیان بگرنەوەو ئەویندارانیش سەر لێشێواوبنو بێ ئەوەی بزانن چی دەڵێنو مەبەستیان چییە..بنووسنو هاوار بکەن (گیانەکەم من پاشماوەی مۆمم، خەمو فرمێسك سووتاندمیان..ئەگەر بەزەییت پێم نایەتەوە، ئەوەی ماومە بیسووتێنە!!)

74

# کۆندالیزا رایس...کچە تاقانەکەی دایەو بابە!



هێلین

**ڕەنگە** زۆربەمان حەز بەوە بکەین، کەم تا زۆر لە وردەکاریی ژیانی زۆر لەو کەسایەتیانەی دونیا بزانین، کە جێ پەنجەیان لە کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دیار و بەرچاوە، لەوانەیە ئەو حەزەمان تەنها فزوڵییەك بێت و بەس، ئەگینا پێ ناچێت زانیاریەکان بۆ ژیانی سادە و ساکاری ئێمە هێندە گرنگ بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرگوزەشتانە چێژی تایبەتی خۆیان هەیە..

ئەوەی دەیخوێنینەوە چەند سەردێڕێکی کورتن لەبارەی کەسایەتیی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کۆندالیزا رایس)، ئەویش لەمیانی تیشك خستنەسەر نهێنیی گەشتە میکوەکیەکانی، کە بەخامەی رۆژنامەنووس (مین سۆ بیلمینج) نوسراون، کە لە زۆربەی گەشتەکاندا و بەمەبەستی سازدانی رێپۆرتو بەدواداچوونو گەیاندنی هەواڵ بۆ ئاژانسەکان یاوەری خاتوو (رایس) دەکات.

کاتی گەشتکردن لەگەڵ (رایس)ی کچە تاقانەی خێزانەکەی، هیچ دەرفەت و شوێنێك بۆ حەسانەوە نیە و نامینێ، ئەو ئافرەتەی کە ڕەنگە لەیەك رۆژدا و بۆ وتووێژ دەربارەی زۆرترین کێشە گەرمەکان، سەردانی سێ وڵات بکات.

لەو کاتەی (رایس) ئەو پۆستەی وەرگرتووە، واتە لە کانوونی دووەمی ساڵی (2005) سەردانی (75) دەوڵەتی



کردووەو نزیکەی (800000) کیلۆمەتری بڕیوە، درێژترین گەشتیشی لە مانگی ئازار بوو کە (50358) کیلۆمەتری بڕی.. ئەویش لەولاتی شیللی بۆ ئەندەنوسیا و پاشان بۆ ئۆستراليا، لەوێ و لە شاری مۆریشبوس بە مەبەستی پڕکردنی بەنزینی فرۆکەکەی وەستا، لەوێشدا هەندێ لە هاوکار و یاوەرانی بە هەلیان زانی بۆ ئەوەی کەمێك مەلەوانی لە ئۆقیانووسی ئارامدا بکەن، مرۆڤ هیچ کات نازانێ گەشتەکان بەرەو کوێو کام ولات دەتبەن، بە تایبەتی بۆ شوێنە مەترسیدارەکانی وەك بەغدا و کابول، چونکە گەشتەکان نهێنین و تا ئەو چرکەیەی دەنیشێ نازانرێ، ئەویش لەپێناو پاراستنی ژیانی ئەو، لەناو فرۆکەش (رایس) بەشی دواوە بۆ رۆژنامەنووسەکان تەرخان دەکات، کە (W.C) و دەستشۆرەکان لە یاریدەرانی تایبەتی رایس و کورسیە تایبەتیەکەی وەزیر جیایان دەکەنەوە.

زۆربەی جار نزیکەی (12) رۆژنامەنووس لەگەڵ (رایس) گەشت دەکەن‌و ئەویش ناوی زۆربەیان دەزانێ.. ئەو هەندێکجار لەناو هۆڵی یارییەکانی هوتێل یاری دەکات، یان گفتوگۆ لەبارەی تۆپی پێی ئەمریکی دەکات و هەمیشە خەون بەوە دەبینێ ببێتە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەمریکی.. لە زۆربەی کاتەکاندا کە گەشتێکی درێژ دەکات رایەخێك.. یان پێخەفێك لەسەر کورسیەکەی دادەنێ، جاری واش هەیە دەیداتە میوانەکانی، بۆ نموونە یەکێك لە میوانەکان وەزیری پێشووتری دەرەوەی بەریتانیا (جاك سترۆ) بوو، کاتێ هاوڕێ هاتنە بەغدا، (سترۆ) دواتر زانی کە لەو گەشتەدا (رایس) لەسەر زەوی شوێنێك بۆ خۆی تەرخان دەکات، (سترۆ) لەشوێن‌و پێخەفی ئەودا دەخەوێ، کە ئەو کات دەزگا ڕاگەیاندنەکانی بەریتانیا ڕووداوەکەیان کردە چیرۆکێکی خۆش.

زۆر کات‌و لەمیانی گەشتەکانیدا، کە کاتی شەوان دەگاتە جێ، لە رێگادا هەندێ کات بەخەوتن بەسەر دەبات، کە ماندوو بوون و هیلاکی هەمووانیش دەگاتە لووتکە، رۆژنامەنووسە یاوەرەکانی زۆر شت لەیاد دەکەن، بۆ نموونە مۆبایل و رۆژژمێر و چاویلکە و شووشەکانی داوو دەرمان. هەر لە ترسی ئەوە لە گەشتیدا لەگەڵ (رایس) بۆ روسیا و ئاسیا شەش مۆبایل و ئامێرێکی بلاکبێری بۆ پەیوەندییەکان و تەلەفۆنێك بۆ پەیوەندی لەگەڵ یابان و یەکێك بۆ کۆریای باشوور و ئەوەی تر بۆ چین و چوارەمیان بۆ پەیوەندیکردن بە ئەمریکا لەگەڵ خۆمدا برد، دوو ئامێری پەیوەندیشم بۆ پەیوەندی لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە برد، بۆ کاتێك کە بە رێکەوت بچینە بەغدا.



لە گەشتێکماندا بۆ ناوچەی سەوز، لەبەغدا، ڕۆژێك كە بارانێکی زۆر دەباری، پەڕاوی تێبینیەکانم هەر هەمووی تەڕ بوو، بەمەش ئەو ڕاپۆرتەی بەنیاز بووم بۆ نووسینگەی ڕۆیتەرز لە لەندەن بکەم، ئەمەش وایکرد تێبینیەك لای خۆم یادداشت بکەم، بۆ ئەوەی جاری داهاتوو چەترێك دابین بکەم و قەلەمی ڕەساسم لابێت بۆ نووسین..

هەندێ جار قوڕسی و سەختیی کارەکەی بە ڕوخساری (رایس)ەوە دەبینرێن، ئەمەشم لەو کاتەدا بەدی کرد کە زۆربەی ماکینەی هەلیکۆپتەرەکەی ڕژایە سەر جلوبەرگەکانی و تەواو بێزار بوو، کە بەنیاز بوو ئەو کات و لە گەرمەی شەڕی ئیسرائیل و لوبنان بچێتە بەیروت، بەو پێیەی ئەو بۆ خۆی ئەندازیاری شەڕی عێراق بوو، بۆیە خۆپیشاندانەکانی ڕاویان دەنا، ئەو خۆ نیشاندانانەی (رایس) بە بەڵگەی دیموکراسیەتی ئاشتیخوازانە ناویان دەبات.

هەندێ حاڵەتیش هەیە مرۆڤ ڕێك پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی (رایس) لە میانی هەڵسوکەوتەکانی خۆیدا بەرچاو دەکەوێ.. بۆ نموونە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ (ئیفۆ مۆرالیس)ی سەرۆکی پۆلیڤیا دەربارەی سیاسەتی نەهێشتنی ماددە سڕکەرەکان لە شیللی.. مۆرالیس گیتارێکی بچوکی کردە دیاری (رایس)، کە بە گەڵاکانی کۆکا (ئەو ڕووەکەی ماددەی کۆکایینی لێ بەرهەم دێت) ڕازابووەوە، ئەو نەریتەی کە پۆلیڤیەکان هەیانە و لە ڕازاندنەوەی دیارییەکانیان ئەو گەڵایە بەکار دەهێنن، بەڵام رایس ڕۆیشت و گیتارەکەی نەبرد.



رایس لەگەڵ سترۆ

# چۆن دەبیتە ئافرەتێکی سەرنج ڕاکێش؟



**ئەو** نهێنیانەی تایبەت بە ئافرەتن زۆر تایبەتن، ئێمە ئەوەندە دێین و لەژێر گوێچەکەکانیان دەیچرپێنین، کاتێکیش بڕوایان پێمان کرد، هەوڵدەدەن بیانخەنە ژیانی خۆتان و بۆ ئەوانەی دیکەی باس بکەن، جگە لەمەش واز لە خەسڵەتەکانی پێشووی جیاواز لەگەڵ ئەو خاڵانەی خوارەوە بهێنە، دواتر بۆت ئاشکرا دەبێت کە زۆر سروشتیو سادە مامەڵە لەگەڵ شتەکان دەکەیت و زۆر میهرەبانیت.

### زەردەخەنە

زەردەخەنە، ناونیشانی نەمریو چێژی سروشتییە، هەوڵبدە بەردەوام لەژێر لێوەکانت بێت، زەردەخە بگرە لەکاتی سلاوکردن و خواحافیزیی، لەگەڵ ئەوکاتانەی کە داوای شتێك دەکەین، یان پرسیار دەفەرمووی، یانژی سوپاس گوزار دەبیت.

### دەستی یارمەتی

دوو دڵ مەبە لە هەر یارمەتییەك کە داوات لێدەکریٚ، ئەگەر بە قسەکردنیش بوو، باشبوون لەو دایە یارمەتی بەخش بیت.





### خۆ بەزل نەزانین

خۆت هەڵمەکێشە بەجوانیت، یان بە دەوڵەمەندیت، لەو کاتەی کە نەژادێکی باش بوویت خۆ بەزل مەزانە، چونکە ئەمانە تۆ دروستت کردوون، وا باشە خەڵك باسی ئەو شتانەت بکات، چونکە کاتێك تۆ باسیان دەکەیت ئەوە مەغروریت و کچی مەغروریش سەرنجڕاکێش نیە.

### ئازار

کاتێك هەست دەکەیت ئازارت هەیە، باشتر وایە بێدەنگ بیت، لە هۆکارەکانی بەردەوام نەدوێیت و بەردەوام شکایەتی لێنەکەیت و شەرم نەکەیت، هەموو کەس ئازاری دەبێت. هەوڵبدە لەسەری ئارام و هێمن و بە سەبر بیت.

### بڕوانامە

هێندە شانازی بە بڕوانامەی بەرز مەکە، چونکە گوزارشت نییە بۆ زیرەکی و ڕۆشنبیری بەرز، بەلاٚم گوزارشت بۆ ئەوانە قسەکردن و خوو و ڕەوشتی تۆیە.

لەسەر تۆیە کە لەبەری هەڵسیت‌و لەشوێنێکی باشی دابنێیت‌و ڕێزی تەواوی لێبگریت، کاتێکیش ئەو بە ساڵاچووە رایەکەی جیاواز بوو لە رای تۆ، وا چاکە تەحەمولی بکەیت‌و قەبووڵی بکەیت.

**ئەدەب**

کاتێك یەکێك قسەت بۆ دەکات، لەسەرتە سەیری بکەیت نەك خۆت بە شتی تر مەشغوڵ بکەیت، وا جوانە بۆت سەیری راست و چەپ نەکەیت و تەماشای دەم و چاوی قسەکەر بکەیت، بۆ ئەوەی بزانێت بەڕاستی ئاگات لێیە و گوێی لێدەگری.

**دەنگ**

باشترین شت ناوەڕاستە، تەنانەت بۆ قسەکردنیش، دەنگت هێندە بەرز مەکەرەوە خەڵك هەراسان بکەیت، هێندەش کەمی مەکە خەڵك گوێی لێت نەبێت، واباشترە بەباشی و رەوانی دەنگت بێت.

**پچڕاندن**

پچڕاندنی کەسێك لە قسەکردن، یەکجار ناشیرینە، ئەگەر بابەتەکە زۆر گرنگ بوو، لەسەرت بوو بیپچڕێنی، زۆر داوای لێبوردنی لێبکە.

**بەرز بوونەوە**

تاگور دەڵێت (داوای بڵندبوون دەکەین، بە ئەندازەی ئەوەی کە داوای سادەیی دەکەین)....تۆش بەردەوام داوای بەرزی و بڵندبوونەوە بکە، بەرزبوونەوە شتێکە و گەورەیی شتێکی دیکەیە. یەکەمیان راستییە و دووەمیان خەیاڵ. جوانترین بڵندبوونیش ئەوەیە کە سادەیی لەگەڵدا بێت.



**گرانی**

ئەگەر شتێکت کڕی و کردتە دیاری، ئەو پارچە کاغەزی لێبکەوە، کە نرخەکەی لەسەر تۆمار کراوە پێش ئەوەی بیبەخشی.

**عەییەکان**

ئەگەر لە مەجلیسێك دابنیشی و کەسێکی ناشیرینی تێدا بوو، باس لە ناشیرینی‌و گەورەیی‌و جوانی کەس مەکە، نەوەك هەست بکات باس لەو دەکەیت.



**چێژ**

پەنجەکانت لەنێو خەڵك مەجووڵێنەوەو یارییان هێندە لەگەڵ مەکە، لەکاتی هەڵدانەوەی پەڕەی گۆڤارو کتێبەکان، چونکە ئەمە لە جوانیت کەم دەکاتەوە.

**بە ساڵاچوون**

کاتێك یەکێکی بە ساڵاچوو لە مەجلیسێك دێتە ژووری،

# بەهیوای دیدار......



نورەدین وەیسی

**چەند** جارێکە بەڵێن بەسەرنووسەری کۆوار کاکە حەمەی خۆشەویست دەدەم  کە شتێکی  بۆ بنووسم، بەداخەوە هەموو جارێك بەڵێنەکەم شکاندووە، هیوادارم ئەمجارە داواکەی بەجێ بگەیەنم.

بەقسەی جەنابی سەرنووسەر بێت کۆوارەکەی فرەخاسەو بازاڕی گەرمە، کەچی کەپێی دەڵێم دەباشە چەندم دەدەنێ ئەگەر بۆتان بنووسم، سەرنووسەر پێژێت کوڕە بابە عەیب ناکەی داوای پارە دەکەی ! وەك بڵێی ئەمن لێرە نوێنەری حکومەتی هەرێم بم شەق لەدۆلار هەڵدەم.

تا ئێستا قەت لەسەر داوای خەڵکی لەسەر بابەتێکی دیاریکراوم نەنوسیووە ، بەلاَم ئەمجارە لەبەرخاتری چاوی ڕەشی حەمەی حاجی کەریمی لەسەر سەری ساڵ دەنووسم.

ئەگەر هەڵە نەبم سەری ساڵی 2000 بوو بۆ یەکەمین جار ناوەندی رۆشنبیریی سۆران بەهاوکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر ئاهەنگێکی خێزانی لەسۆران رێکخست، لەوکاتەوە نەمبیستووە هیچ کۆنسێرتێکی دیکەی هاوشێوە کرابێت، سۆران بەداخەوە،    وەکو میزی حوشترێ هەر بەرەو پاشەوە دەچێ، تەنانەت دەکرێ بڵێم بیست ساڵ پێش ئێستا زۆر پێشکەوتوو تربوو، چونکە ئەگەر ئەوکاتیش پارك و پەرتووکخانەی گشتی لێ نەبووبێت، بەلاَم هێندەی ئێستاش مزگەوت و تەکیەو خانەقای لێنەبوو . دەسگای زاری کرمانجی پرۆژەیەکی پڕباشبوو، کەساڵی رابردوو لەسۆران هاتە دامەزراندن، بەلاَم بەداخەوە هەفتەنامەکە زۆرجاران بەبەژن و بالاَی ئەو هێزو نێوەندە پاشکەوتووانەدا هەڵدەڵێ، کە  کاتی خۆی زۆر دژایەتی رووناکبیرێکی وەکو حوسێن حوزنی موکریانی، خودانی یەکەمین زاری کرمانجیان دەکرد، کورد ئەمڕۆ پێویستی بە بووژاندنەوەو تاودانی هەستی نەتەوەیی هەیە، نەك ختووکەدان و زیندووکردنەوەی هەستی خێڵگەرایی و عەشیرەتی و تەرخان کردنی رووبەرێکی فراوان بۆ ستایشکردنی سەرۆکی عەشیرەتێك.

بەداخەوە ساڵی رابردوو بۆ خەڵکی کوردستان ساڵێکی شووم بوو، ساڵی بەلووتکە گەیشتنی ناڕەزایەتی خەڵکی بوو، کەبەداخەوە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵە کەسێك بەناوی خۆپێشاندانەوە هەندێ کاری تێکدەرانە بکەن و دەسەلاَتی بەناو دیموکراتی کوردستانیش بەگوللە وەلاَم بدەنەوەو چەند کەسێك بکەنە قوربانی، من زۆرچاك لەخەم و ئێش و ئازاری خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش توێژی گەنجان دەگەم و لەهەموو رەخنەو ناڕەزایەتییە شارستانییە دوور لەتوندو تیژیی و کاری تێکدەرانەش لەگەڵیاندام، بەلاَم دەبێ چاکیش بزانن تێکچوونی ئەم دەسەلاَتەی ئەمڕۆی باشووری کوردستانیش، با زۆریش گەندەڵ و خراپ بێت، پێش هەموو کەسێك لەخەڵکی هەژارو بێدەسەلاَت تێکدەچێت و ئیدی وەك جاران دەکەوینەوە ژێر چنگی رژێمێکی داگیرکەری عەرەبی، دەزانم زۆرجار رەفتاری دەسەلاَتدارانی کوردستان لەگەڵ خەڵکی، جیاوازییەکی وای نییە دەگەڵ رەفتاری دوژمنان، وەلێ وەك دۆستی خۆشەویستی کورد ئیسمایل بێشکچی دەڵێ خراپترین دەسەلاَتی کوردی بۆ کورد لەباشترین دەسەلاَتی بێگانە باشترە، بێگومان ئەمە هەرگیز نووسینی چەکی پاکی و بێتاوانی نییە بۆ دەسەلاَتی کوردستان، کە بەداخەوە تۆمارێکی زۆر ناحەزی هەیە.

لایەنێکی دیکەی ڕەشی ساڵی رابردووی کوردستان، خۆسووتاندن و کوشتنی دەیان ژن و کچی کوردستان بوو بە پاساوی دواکەوتووانەی ناموسپارێزی، راستە لە کوردستاندا خەڵك وەك بەغداو ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەتەقینەوە ناکوژرێن و لەم رووەوە خۆشبەختانە کوردستان ئارامە، بەلاَم لەبیریشمان نەچێت لەبەرامبەردا لەساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر ژن کوژراون یان ناچار بوون خۆیان بسووتێنن، کە بووەتە دیاردە، بۆیە هەقبوو خەڵکی کوردستان وەك چۆن لەدژی راپۆرتی بەیکەر– هاملتن ناڕەزایی و تووڕەیی دەردەبڕن، ئاواش لەدژی ژنکوشتندا بێنە دەنگ.

ئومێدەوارم ساڵی تازە 2007 ساڵی رزگاربوونی یەکجارەکی خەڵکی کوردستان بێت و پارتی و یەکێتیش واز لەخەونی عێراقی هیواو ئاشتی و دیموکراتی و فیدراڵی و ئەو قسە قۆڕانە بێنن، چونکە ئەوە ئەمریکاش وازی لە دیموکراتیکردنی عێراق هێنا، ئیدی نازانم هەڤالاَنی پارتی و یەکێتی چما لەو کەلە نایەنێ خوارێ.؟!

بەهیوای دیدار لە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆو دیموکراتیکدا...

تۆرۆنتۆ/کەنەدا